# ناساندنی کتێبی« مێژووی فەلسەفەی ڕاتلێج »



سەعید کاکی

---

**مێژووی فەلسەفەی ڕاتلێج ، لە فارسیەوە : سەعید کاکی، دەزگای جەماڵ عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٨ .**




**ISBN: 978-964-185-55-4**

## ✓ مێژووی فەلسەفەی ڕاتلێج:

زنجیرەی مێژووی فەلسەفەی ڕاتلێج یەکێک لەباشترین و نوێترین مێژووی فەلسەفەی ئێستاکەی دونیایە و لەسەدەی شەشەمی پێش زایین دەسپێدەکات و تادەگاتە ئەم سەدەیە و تێکرای گوڕانکارییە فەلسەفییەکان بەچڕوپڕی

لێکدراوەتەوە. زۆربەی ئەم بەرگانەی بەردەست تەرخانکراوە بۆ فەیلەسووفانێک کە بە فەیلەسووفی پلە یەکەم و مەزن ناسراون، گەرچی چاوپۆشی لە فەیلەسووفی کەمتر ناسراویش نەکراوە. لەم دە بەرگەدا کۆمەڵێک زانیاریی بنەڕەتی لەسەر فەیلەسووفەکانی ڕابردوو تاکو ئێستا دەکەوێتە بەردەستی خوێنەری کورد. هەر بەشێکی لە لایەن کۆمەڵێک فەیلەسووفی بەناوبانگ و شارەزا نووسراوە کە بۆخۆیان لەریزی فەیلەسووفی ئەم سەردەمە لەقەڵەمدەدرێن و خاوەن بیروڕای سەربەخۆن و بۆچوونی فەیلەسووفەکانیان لەگەڵ گۆڕانکارییە زانستییەکانی ئەم سەردەمە بەراورد کردووە. ئەم مێژووانە سێ لایەنی گرنگی شیکردنەوە، لێکدانەوە، بەراوردکردن و ڕەخنەی لەخۆ گرتووە. بەشێوازێک نووسراون جگە لە پسپۆڕانی فەلسەفە، خەڵکی ئاسایی بتوانن لی تێبگەن:

١ .لە سەرەتاوە تاکو ئەفلاتوون. سی.سی. تایلۆر
٢ .ئەرستۆ تاکو ئۆگستینۆس. دەیڤید فوڕلی
٣ .فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست. جۆن مارێنبۆن
٤ .ڕێنسانس و عەقڵباوەریی سەدەی حەڤدەیەم. جی. ئێچ. ئاڕ. پارکێنسۆن
٥ .فەلسەفەی ئینگلیزی و سەردەمی ڕۆشنگەری. ستوارت براون
٦ .سەردەمی ئایدیالیزمی ئالمانی. ڕۆبێرت سالمەن و کاتلین هایگێنز
٧ .فەلسەفەی سەدەی نۆزدەیەم. سی. ئێل. تێن
٨ .فەلسەفەی قارەیی سەدەی بیستەم. ڕیچاڕد کێرنی
٩ .فەلسەفەی زانست، لۆجیک و بیرکاریی لە سەدەی بیستەم. سی.جی. شانکەر
١٠.فەلسەفەی واتا، ناسین و بەها لە سەدەی بیستەم. جۆن کۆنفێلد

www.kurdishbookhouse.com




### ١. لە سەرەتاوە تاکو ئەفلاتوون. سی.سی. تایلۆر

- **بەرگی یەکەم:** ئەم بڕگە و بابەت و فەیلەسووفانەی لە خۆگرتوو: دەوڵەتشار و کولتووری سەرهەڵدانی فەلسەفە لە یۆنان، ئیۆنییەکان، هیراکلیتۆس، پیتاگۆرییەکان ئیلیاییەکان، ئیمپادۆکلێس، ئاناکساگۆراس و ئەتۆمیستەکان، سۆفیستاییەکان، زانستی ژمێرە، هەندەسە و زانستی مۆسیقا لە یۆناندا، سوکرات و سەرهەڵدانی فەلسەفەی ئاکار، ئەفلاتوون، میتافیزیك و تیۆری ناسین، ئاکار و سیاسەت، زانستی جوانی و دەروونناسی.

- **شێوازیی وەرگێرانی ئەم بەرگە:** دەقی سەرەکی وەرگێڕانەکە، تاريخ فلسفه يونان/از اغاز تا افلاطون، وەرگێرانی د.حەسەن فەتحی چاپی١٣٩٢/نشر حکمت، وەرگێڕانێکی چروپڕ و ڕێکوپێک، د. فەتحی بۆخۆیشی شارەزای زمانیی یۆنانییە و زۆربەی کتێبە باشەکانی یۆنانی وەرگێڕاوەتەوە [بەتایبەتی بەشداری لە وەرگێرانی مێژووی فەلسەفەی گاتری١٥بەرگ ] و دەقی دووەم [وەرگێرانی حەسەن مورتزەویی، چاپی چشمە] و دەقە ئینگلیزییەکەشم بۆ ناڕوونی زۆربەی چەمکەکان و دانانی چەمکە سەرەکییەکان بەکارهێناوە. The from beginning to plato. C.C.w. taylor.1997

www.kurdishbookhouse.com




## ٢ .ئەرستۆ تاکو ئۆگستینۆس. دەیڤید فۆرلی

- **بەرگی دووەم:** ئەم بڕگە و بابەتانەی لە خۆ گرتووە. ئەرستۆ فەیلەسووفی سروشت، لۆجیك و میتافیزیکی ئەرستۆ، ئەرستۆ، جوانیناسی و فەلسەفەی مایند، ئاکار و سیاسەت، سیاسەتی ئەرستۆ، ڕێبازی پێدەگەری، ڕێبازی ئێپیکۆر، ڕەواقی، گومانکارەکان، زانستە وردەکان لەسەردەمی هیلێنی، فەلسەفەی نوێ ئەفلاتوونی، ئۆگستینۆس

- **شێوازیی وەرگێڕانی ئەم بەرگە:** تاریخ فلسفەی ڕاتلیج ترجمەی د.عەلی معظمی، نشر چشمە. سەرچاوەی ئینگلیزیی بە ناونیشانی: First From Aristotle to published 1999 David Furley II Augustineلەبەر دەستدا بووە و تێکڕایی پەڕاوێز و دانانی چەمکەکانی ناو کتێبەکە لەڕێگەی ئەم دەقە ئینگلیزییەوە دانراوە. زۆربەی چەمک و وشەکان لەڕووی ئینگلیزییەکەی دانراوەتەوە و لە دانانی عەرەبی و فارسییەکەی دوورەپەرێزی کراوە.

www.kurdishbookhouse.com




## ٣. فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست. جۆن مارێنبۆن

- **بەرگی سێیەم:** ئەم بڕگە و بابەتانەی لەخۆ گرتووە. بیۆسیۆس لە سەردەمی کۆن تاکوو سەدەکانی ناوەڕاست. سەرەتاکان تاکوو ئیبنی سینا، ئیبنی ڕوشد، فەلسەفەی یەهوودی، فەلسەفە و پێشینەکەی لە سەرەتاکانی سەدەی ناوەڕاست، جۆن سکات ئیریۆگنە و ئانسێلمی کانتێربۆری، سەدەی دوانزە، بیرکردنەوە فەلسەفییەکانی کۆتایی سەدەی ناوەڕاست، میتافیزیك و زانست لە سەدەی ناوەڕاست، بۆناڤۆنتۆرا، دۆمینیکەنەکان و وەرگێڕانی نوێ، تۆماس ئاکۆییناس، کۆلێژی فەنەکانی پاریس، هێنری گێنتی و دانز سکۆتس، جیهانی ئۆکام و داهاتوو، پیتەر بۆرلی و ئۆیۆرلی و ڕێمنی، لۆجیك لە کۆتاییەکانی سەدەی ناوەڕاست، فەلسەفەی کۆتاییەکانی سەدەی ناوەڕاست، سوارێز و فەلسەفەی سکۆلاستیکی کۆتایی

- **شێوازیی وەرگێڕانی ئەم بەرگە:** ئەم بەرگە لە سێ سەرچاوەوە کراوەتەوە بە کوردی، دوو وەرگێڕانی فارسی لە دوو دەزگای جیاواز. ١) وەرگێڕانی یەکەم، فلسفەی قرون وەستا، ترجمەی: بهنام اکبری [بەهاوکاری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی حیکمەت و ڕێکخراوی حیکمەت و فەلسەفەی ئێران] وەکو دەقی سەرەکی و دەقی ٢) فلسفەی قرون وستا، وەرگێڕانی

www.kurdishbookhouse.com

حەسەن مرتزەوی [دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی چشمە] وەکو دەقی دووەم لەبەردەستمدا بووە.

٣) دەقی ئینگلیسی John Marenbon (published 1998) Medieval Philosophy . بۆ چەمکە سەرەکییەکانی کتێبەکە و دڵنیابوون لە کارەکە لەبەردەستدابووە.




## ٤ .ڕێنسانس و عەقڵباوەریی سەدەی حەڤدەیەم. جی. ئێچ. ئاڕ. پارکێنسۆن

❖ **بڕگە و بابەتەکانی ئەم بەرگە:** فەلسەفەی ڕێنسانس لە ئیتاڵیا، فەلسەفەی ڕێنسانس لە دەرەوەی ئیتالیا، زانست و بیرکاری لە ڕینسانسەوە تاکوو دیکارت، فرانسیس بەیکەن و دوالیزمیی مرۆیی، دیکارت، میتۆدناسی، دیکارت، میتافیزیك و فەلسەفەی زەین، ماتریالیزمیی سەدەی حەڤدە، گاسانديی و هۆبز، سپینۆزا، میتافیزیك و تیۆریی ناسین، فەلسەفەی ئاکار و فەلسەفەی سیاسی سپینۆزا، سەبەبسازباوەڕی، لایبنیتز، ڕاستکردنەوە، مەعریفە ، میتافیزيك

- **شێوازیی وەرگێڕانی ئەم بەرگە:** مێژووی فەلسەفەی ڕاتلێج؛ وەرگێڕانی مستەفا شهراییینی، چاپی حیکمەت و فەلسەفەی ئێران ساڵی١٣٩٢ بەرگی سەرەکی وەرگێرانەکە بووە و بەرگی دووەم مێژووی فەلسەفەی راتلیج وەرگێڕانی حەسەن مرتزەوی ساڵی١٣٩٢ لەبەردەستدا بووە و لە سەرچاوەی ئینگلیسی IV The Renaissance and C17 Rationalism (published 1993) G.H.R.Parkinson بۆ دانانی چەمکە سەرەکییەکانی ئەم وەرگێرانە بەکارهێنراوە.




## ٥ .فەلسەفەی ئینگلیزی و سەردەمی ڕۆشنگەری. ستوارت براون

- **برگە و بابەتەکانی ئەم بەرگە:** لۆرد هیربێرت چێریبۆری و ئەفلاتوونییەکانی کەمبریج، زانست و فەلسەفەی بریتانی؛ بۆیل و نیۆتەن، جۆن لۆك، مەعریفە و سنوورەکانی، تیۆریی ناسینی جۆن لۆك، فەلسەفەی جۆرج بێرکلی، دەیڤید هیوم، فەلسەفەی ئاکار و سیاسەت، ئاکارباوەڕەکانی سەدەی هەژدە؛ شافیتسبۆری، باتلێر و پرایس، ڕۆشنگەری فەرانسە بەشی یەکەم: زانست، ماتریالیزم و چارەنووسباوەری، ڕۆشنگەری بەشی

دووەم،دییزم، ئاکار و سیاسەت، ڕۆشنگەری سکاتلەندی، ڕۆشنگەری ئاڵمانی و فەلسەفەی بریتانی، جامباتیستۆ ویکۆ، ڕۆسۆ و بێرك

- **شێوازیی وەرگێڕانی ئەم بەرگە:** لەڕووی دەقی فارسی [تاریخ فلسفەی راتلیج/فلسفەی بریتانیایی و عصری روشنگری، ترجمە علی معظمی/ انتشارات چشمە ساڵی ١٣٩٠] بووە. بۆ و دانانی پەڕاوێز و چەمکەکانی ئەم بەشە لەم سەرچاوە ئینگلیسییە کەڵکم وەرگرتووە Stuart 1997 Brown V British Philosophy and the Age of Enlightenment




## ٦ .سەردەمی ئایدیالیزمی ئاڵمانی. ڕۆبێرت سالمەن و کاتلین هایگێنز

- **بەرگی شەش:** ئایدیالیزمی ئاڵمانی لە لایەن سالمەن و هەیگنز هەڵەچنی کراوە. لەم بەرگەدا بەچڕوپڕی فەلسەفەی کانت، ، فیشتە ، شیلنگ، هیگڵ، مارکس، شۆپنهاێر و کییەرکەگۆر لێك دەدرێتەوە. نووسەرە بەناوبانگەکانی وەکوو لوویز ڤایت بێك کانت ناسی بەناوبانگ وتاریان نووسیوە. ئەم بەرگە پێشکەش کراوە بە د. محەمەد کەماڵ. بۆ زەحمەت و ماندووبوونی لە بواری ناساندنی فەلسەفە بە زمانی کوردی بە تایبەتی فەلسەفەی هیگڵ.

❖ **شێوازیی وەرگێڕانی ئەم بەرگە:** سەرچاوەی یەکەم: عصر ایدیالیسم المانی، ترجمه مسعود حسینی، چاپ اول، ۱۳۹۵، انتشارات حکمت
سەرچاوەی دووەم، ایدیالیسم المانی، ترجمەی حسن مرتضوی، چاپ اول، ۱۳۹۵، انتشارات چشمه
سەرچاوەی سێیەم، دەقی ئینگلیسی بۆ دانانی چەمکە فەلسەفییەکان و متمانە بەکارەکە بەکارهێناوە:

Age of German Idealism—(Routledge History of Philosophy Series; Vol. 6)

Solomon, Robert C. II. Higgins, Kathleen M. III. Series 190.9




## ۷ .فەلسەفەی سەدەی نۆزدەیەم. سی. ئێل. تێن

❖ **بەرگی حەوت:** ئەم بەرگە لە لایەن سی.ئێڵ.تێن ، هەڵەچنی کراوە. ئەم بەرگە کۆمەڵێك فەیلەسووفی لە خۆگرتووە وەکوو: هیوڵ، جێرمی بێنتام، ستوارت میل، نیچە، دێلسی و هیرمینۆتیکی فەلسەفی، پۆزیتفیزمیی ئۆگۆست کۆنت، پراگماتیزمیی ئەمریکی پیەرس و وەلیام جیمز،

فەلسەفەی دەروونناسی، فەلسەفەی زانستی سەدەی نۆزدە، بۆزانگت و گرین.... ئەم بەرگە پێشکەش کراوە بە مامۆستا ڕێبوار سیوەیلی وەکوو وەفایەك و ماندوونی بۆ دامەزراندنی بەشی فەلسەفە و کردنەوەی ئەو بەشە بەڕووی ئێمە بۆ خزمەت بە زمانی کوردی.

- **شێوازیی وەرگێڕانی ئەم بەرگە:** سەرچاوەی وەرگێڕان: تاریخ فلسفەی راتلیج، فەلسەفەی قرن نوزدهم، ترجمەی حسن مرتضوی. ویراستار علی معظمی نشر چشمە بهار١٣٩٧

سەرچاوەی دووەم:

VII The Nineteenth Century

C.L.Ten (published 1994)




## ٨ .فەلسەفەی قارەیی سەدەی بیستەم. ڕیچارد کێرنی

- **بەرگی هەشت:** فەلسەفەی قارەیی لە لایەن ڕیچارد کییەرنی هەڵەچنی کراوە. تایبەتمەندی ئەم بەرگە لەوەدایە، لە فەلسەفەی ئینگلیزی زمان یەکێك لە باشترین کتێبەکانی فەلسەفە قارەییە و گرنگترین و سەرنجڕاکێشترینی ئەم بەرگانەش پێك دەهێنێت. کۆمەڵێك فەیلەسووە و

ڕێبازی فەلسەفی لە خۆ گرتووە. مەبەست لە فەلسەفەی قاڕەیی فەلسەفەی ئاڵمان و فەڕەنسەیە. فەلسەفەیەکە بە پێچەوانەی فەلسەفەی ئەنگلۆساکسۆنە لە باس لە شیکاری زمان و لۆجیکی زمان دەکرێت. واتە بە پێچەوانەی فەلسەفەی شیکاری، لە بابەتەکانی وەکوو ئیگزیستی، دیاردەناسی، فەلسەفەی مارکسیستی، پۆست مودێرنیزم.. کۆمەڵێك بابەتی دیکە دەکۆڵێتەوە. فەیلەسووفەکانی ئەم بەشە بریتین لە: هوسرڵ، هایدیگەر، سارتەر، پۆنتی، فۆکۆ، فێرگەی فرانکفۆرت، پۆست مۆدێرنیزم، پاش پکهاتەخوازیی، فەلسەفەی زانست، فەلسەفەی ئایدیالیستی ئیتالیا، چەپەکانی فەڕانسە، گادامێر و هیرمینۆتیك، درێدا..... ئەم بەرگە پێشکەش کراوە بە د.تەها ڕەسووڵ بۆ زەحمەت و ماندوو بوون و نیگەرانییەکانی بۆ لە چاپدانی ئەم مێژووانە.




## ٩ .فەلسەفەی زانست، لۆجیک و بیرکاریی لە سەدەی بیستەم.
## سی.جی. شانکەر

❖ **بەرگی نۆ:** ئەم بەرگە لە لایەن شانکەر هەڵەچنی بۆ کراوە. کۆمەڵك فەیلەسووف و ڕێبازی فەلسەفی لە خۆ گرتووە. فەلسەفەی فرێگە،

ڤیگنشتاینی یەکەم، پۆزیتڤیزمی لۆجیکی، فەلسەفەی فیزیا، فەلسەفەی بیرکاری، فەلسەفەی لۆجیك، فەلسەفەی سایبرنتیك، ..... ئەم پێشکەش کراوە بە د.حسەین حسەینی بۆ وەرگێڕانی بنەڕەتی لە بواری زانستی فیزیا و فەلسەفەی زانست و کۆمەڵێك چەمکی لە بەشی زانست و فیزیا یارمەتیدەرم بووە.

- **شێوازیی وەرگێڕانی ئەم بەرگە:** سەرچاوەی یەکەم، تاریخ فلسفه غرب، فلسفه علم، منطق و ریاضیات در قرن بیستم، ترجمەی ابوالفضل حقیری، نشر حکمت و موسسەی فلسفه و حکمت ایران، چاپ اول ١٣٩٢

سەرچاوەی دووەم:

1996 Philosophy of the English Speaking World: C20 Logic, Maths and Science




## ١٠.فەلسەفەی واتا، ناسین و بەها لە سەدەی بیستەم. جۆن کۆنفێلد

- **بەرگی دە:** ئەم بەرگە وەکوو بەرگی کۆتایی فەلسەفەی ئینگلیزی ـ ئەمریکی سەدەی بیستەمە.

www.kurdbookhouse.com

ئەم بەرگە وەکوو بەرگی کۆتایی، کۆمەڵێك ڕێباز و فێرگەی فەلسەفی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیستویەکەمی لە خۆگرتووە. فەلسەفەی زمانیی ئاسایی، فەلسەفەی زمانیی لۆجیکی، فەلسەفەی زانستی سەدەی بیستەم، فەلسەفەی ئاکاری یەك و دوو، فەلسەفەی فیمینیستی، فەلسەفەی ئایین، فەلسەفەی ماف، میتافیزیکی سەدەی بیستەم...... ئەم بەرگە پێشکەش کراوە بە دکتور بەختیار سەجادی بۆ کۆمەڵێك برگە و بابەت لە بەشی فەلسەفەی زمان و هەندێك چەمکی فەلسەفی لەم مێژووانە یارمەتیدەرم بووە.

- **شێوازیی وەرگێڕانی ئەم بەرگە:** سەرچاوەی یەکەم. فلسفه، معنا، معرفت و ارزش در قرن بیستم نشر حکمت: ۱۳۹۲،ویراستار اصلی : جۆن ڤی. کۆنفێلد،مترجم: یاسر خوشنوس

  سەرچاوەی دووەم

Routledge history of philosophy, volume philosophy of meaning, knowledge, and value in the 20th centur

---

## ❖ ئامانج لە وەرگێڕانی مێژووی فەلسەفەی\ هەڵوێستی وەرگێڕ:

مێژووی فەلسەفە بەشێکی گرنگی فەلسەفەیە، کەسانێک کە فەلسەفە دەخوێنن دەزانن، بەبێ خوێندنەوەی مێژووی فەلسەفە تێگەیشتن لە فەلسەفە و کێشەی ناو جیهانیی فەلسەفە مەحاڵە. دیارە کەسێک کە شارەزایی لە فەلسەفەدا هەیە، دەزانێ مێژووی فەلسەفەیەک کە بە زمانی جۆربەجۆر نووسراون هێجگار زۆر و زەوەندەن. بەڵام مێژووی فەلسەفەی

www.kurdishbookhouse.com

ڕاتلێج جیاوازە و لەلایەن کۆمەڵێک فەیلەسووفی پسپۆڕەوە نووسراون. تایبەتمەندییەکی دیکە ئەوەیە، بەچڕی بابەتەکانیان لێکداوەتەوە و ڕەخنەشیان لەسەر بیری فەیلەسووفەکانی پێش خۆیان بووە و بە میتۆدێکی شیکارانە مێژووی فەلسەفەیان لێکداوەتەوە. گرنگی مێژووی فەلسەفە لەوەدایە، مرۆڤ لە خەیاڵ و وەهم سازکردن دەپارێزێت، ئەوەی مێژووی لێ دادەماڵرێت، ڕاستی لەکیس دەدات و وەهمسازیی جێگەی دەگرێتەوە و هێزی داوەری لەسەر ڕووداو یان بابەتەکە نامێنێت و لەمیتافیزیکێکی وەهمی کە تێکەڵ بە هەستی سادە و خاو و خەیاڵییە گرفتاری دەکات. هەروەها مرۆڤەکان دەکات بەدوو دەستەوە؛ زۆرینەیەک کە تووشی یاسای تێکەڵکردن دەبنەوە و زیاتر لە مادەی خەیاڵ کەڵک وەردەگرن و ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو تێکەڵ بەیەک دەکەن و ناتوانن مێژوو بەپێی دۆخی خۆی لێکبدەنەوە، بۆیە زۆربەی مرۆڤەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لەباتی لێکدانەوەی عەقڵانی و شیکردنەوەی مێژووی خۆیان، پەنا دەبەنە بەر هەست و خەیاڵی ڕۆمانتیکی؟!. [هۆکاری ئەوەش نەبوونی پەروەردەی نوێ و پێشکەوتووە. مەبەست لە پەروەردە ئەوەیە، ئاگامەندی قۆناغەکانی هەست، هەستپێکردن، تێگەیشتن، بەڵگەهێنانەوە و ڕەخنەی پێکەوە ببڕێت. بۆیە پەروەردە لە وڵاتانی ئێمە لە قۆناغی لەبەرکردنی بابەتەکان دەربازنەبووە؟!] دەستەی دووەم ئەو کەسانەن پشت بە پرسیار و ڕاڤەی بابەتە گرنگەکان دەبەسن و خۆیان لەهەست و خەیاڵی ساویلکە دەپارێزن و بەشێوازێکی میتۆدمەندانە بابەتەکان لێکدەدەنەوە. وەرگێڕ سەرەڕای شارەزایی لە بواری فەلسەفە وەکو کەسێکی ئاکادیمیکی، زۆربەی قۆناغەکانی فەلسەفەی وەکو وانە لەبەشی فەلسەفە وتووەتەوە. شارەزای لە مێژووەکانی دیکەی وەکو مێژووی فەلسەفەی کاپلستۆن، ڕاسێل، ئیمیل برەییە، مێژووی فەلسەفەی ئاکسفۆرد هەیە. بەڵام مێژووی فەلسەفەی ڕاتلێج بۆ خوێندکارانی فەلسەفە و لایەنگرانی فەلسەفە لە کوردستان زۆر گرنگە و لەهەمان کاتیشدا مێژووی فەلسەفەی ڕاتلیج لە ئێستادا نوێترین و باشترین مێژووی فەلسەفەیە و

www.kurdishbookhouse.com

بەپێی ئەزموونی وانەوتنەوەیەک کە بوومە، لە لام ڕوونبووەوە خوێندکارانی فەلسەفە بەهۆی ناشارەزایی لەسەر مێژووی فەلسەفە نەیاندەزانی چی دەخوێنن!. بەخوێندنەوەی ئەم مێژووانە هەر تاکێکی کورد بۆی دەردەکەوێت سێهەزار ساڵ بیرکردنەوەی فەلسەفییانە چی بووە و چیان کردووە و چۆن وڵاتی پێشکەوتوویان پێکهێناوە، پرسیارە فەلسەفییەکانیان چی بووە، چۆن بیریان کردووەتەوە و داهێنانەکانیان چی بووە، فێرمان دەکات چۆن فێری هونەری بیرکردنەوە بین و لە دواکەوتوویی دەرباز بین و بتوانین لە کایە مەعریفییەکاندا بەشدار بین و خزمەت بە زمان و کولتوورەکەمان بکەین و کەسانی باشتر لە خۆمان پەروەردە بکەین. بەچاویی سووک سەیری زمان و کولتووری خۆمان نەکەین. هەرچەشنە سووک کردن و بێنرخ کردنی خۆمان پووانێکە بۆ نەیارانی کورد و ئێستاشی لەگەڵ بێت جگە لە کورد خۆی نەبێ کەس تێدا زەرەرمەند نەبووە. دیارە فەلسەفە لەکۆمەڵگەیەک پێشدەکەوێ کەشێکی ئازاد و دیمۆکراتیکی هەبێت. مرۆڤەکان بوێرن بیر بکەنەوە. واتە بیر لەخۆیان بکەنەوە لەچ ئاستێکی مەعریفی بەهرەمەندن و ئینجا بیر لەئاستی شعووری کۆمەڵگای خۆیان بکەنەوە و سڵ نەکەنەوە و بەردەوام درێژە بە بیرکردنەوە بدەن. چونکە بەڕاستی دەرکەوتووە مەترسیدارترین کۆمەڵگا و دواکەوتووترین کۆمەڵگا ئەوانن وا کتێب ناخوێننەوە و بیرناکەنەوە. چونکە جەبری زەمانە دەیانسڕێتەوە. هەرکەسێک پیاویی سەردەمی خۆیەتی لەو سەردەمەی تێدا دەژی نەتوانی کارێک بکات و داهێنانێکی هەبێت مێژوو بۆ هەمیشە دەیسڕێتەوە. کێشەیەک کە دوای خۆی بەجێیدەهێڵێت ئەوەیە، نەوەی داهاتوو باجی دواکەوتوویەکان و نەجووڵانی ڕابردووەکان دەدەنەوە. کاتێک فەلسەفەت بۆ ژیانیی خۆت نەبێت دوای ماوەیەک مێشک لەبیرکردنەوە پاشگەز دەبێتەوە و مێشک دادەخرێت و داخرانی بیر و هۆش دەرەنجامەکەی ڕوونە. تەمەڵی و کاریگەری ژیانیی ڕۆژانە و خۆ دزینەوە لە بیرکردنەوە نەخۆشینێکی کولتوورییە، بۆیە سەیری کێشە و گرفتەکانی ناو کۆمەڵگا بکەیت دەزانی

دەرەنجامەکانی دواکەوتووی چ کارەساتێک دەخولێنێت. مرۆڤی نەخوێندەوار و گەمژە مەترسیدارترین کەسانی ناو کۆمەڵگان و کەسانێک کە نەتوانن لەباری مەعریفییەوە گەشە بکەن، ناتوانن خۆیان لەقەرەی کایە مەعریفییەکان بدەن و کۆمەڵگا بەرەو دواوە دەبن و ناتوانن کولتوورێکی پێشکەوتوو و خاوەنی عەقڵانییەت پەروەردە بکەن. ئامانجی فەلسەفە هاندانی کۆمەڵگا بەرەو عەقڵانییەتە. بیرمەندانێک کە لەبواری مێژووی فەلسەفە ئیشیان کردووە و شارەزاییان هەیە لایان وایە، خوێندنەوەی مێژووی فەلسەفەش بۆخۆی شێواز و ڕێچکەی تایبەتی هەیە. کەسانێک کە((یۆنانی پێوەرانە)) بیردەکەنەوە. واتە بیروبۆچوونی فەیلەسووفە سەرەکییەکانی وەکو سوکرات، ئەفلاتوون و ئەرستۆ لێکدەدەنەوە. بیرمەندی دیکەش هەن مێژووی فەلسەفە بە هەموو قۆناغەکانییەوە دەخوێننەوە. واتە فەلسەفەیان دابەشکردووە بۆ چەندین قۆناغی مێژوویی و لێکی دەدەنەوە. بۆنموونە قۆناغی یۆنانی کۆن، پیش سوکراتی، یان ئەوەی کە فەیلەسووفە ماتریالیست و سروشتییەکان دەخوێننەوە، قۆناغی دوای ئەرستۆ ڕێبازەکانی کەلبی، ئیپیکۆری و ڕەواقی کوورنایی...دەخوێنن و دواتر دەچنەسەر فەلسەفە لەسەدەکانی ناوەڕاست، فەلسەفەی نوێ، عەقڵباوەڕەکان و ئەزموونباوەڕەکان و دواین قۆناغیش فەلسەفەی هاوچەرخە. واتە تێکڕای فەیلەسووفەکان لەم سێ هەزار ساڵە دەخوێننەوە و لەسەری دەکۆڵنەوە. ئەمە بە شێوازی ((فەیلەسووف پێوەر)) ناودێر کراوە. بیرمەندی دیکە هەن دژی ئەم بۆچوونەن و لایان وایە خوێندنەوەی فەلسەفە بەشێوەی ((کێشە پێوەر)) باشترین شێوازە. مەبەستیان ئەوەیە، یەکێک لە کێشە و گرفتەکانی فەلسەفە دەکۆڵنەوە و شیدەکەنەوە و لە بۆچوونی فەیلەسووفەکان بۆ بابەتەکانیان کەڵکوەردەگرن. وەکو ئازادی، دادپەروەری، چاکە و خراپە، ترس، بەرپرسیاری، هۆوهۆکرد، قەزا و قەدەر، خۆشەویستی، مردن زۆر شتی دیکە. ئامانج لەم شێوازە ئەوەیە، خوێندکاری فەلسەفە لە بنەڕەتیترین کێشەکانی فەلسەفە ئاگادار بکاتەوە. بیرمەندانی فەلسەفە

www.kurdishbookhouse.com

بەزۆری لایەنگری فەلسەفە بەشێوەی لێکدانەوەی کێشە پێوەرن. شێوازێکی دیکە بۆ خوێندنەوەی فەلسەفە ((لقەکانی فەلسەفەیە)). لەم میتۆدەدا لەسەر ئەم بابەتانە دەکۆڵنەوە: میتافیزیک، بووناسی. تیۆریی‌ناسین، بەهاناسی، فەلسەفەی مایند، فەلسەفەی تەکنۆلۆژی، فەلسەفەی سیاسی، فەلسەفەی ئاکار، فەلسەفەی لۆجیک، فەلسەفەی زمان ...... لێرەدا فەیلەسووف لەسەر یەکێک لەو لقانە بەشارەزایی دەگات و ئەو فەیلەسووفانەی پێشتر لەو بوارە ئیشیان کردووە لێکیان دەداتەوە و بۆخۆی ڕێگەیەکی نوێ دەکاتەوە. ڕێچکەیەکی دیکە بۆ خوێندنەوەی فەلسەفە ((ڕێبازەکانی فەلسەفەیە))، لێرەدا یەکێک لەم ڕێبازانەی فەلسەفە لێکدەدرێتەوە وەکو: ڕێبازی ئایدیالیزم، ڕیالیزم، ئیگزیستانسیالیزم، عەقڵباوەڕی، ئەزموونباوەڕی، ڕێبازی دیاردەناسی، ڕێبازی فەلسەفەی شیکاری..... هەرکام لەم لایەنانەی باسکرا پشت بەمێژووی فەلسەفە دەبەسن و کەسانێک کە لەبواری فەلسەفە ئیش دەکەن و شارەزان دەتوانن یەکێک لەم ڕێچکانە هەڵبژێرن و ئیشی لەسەر بکەن. بەڵام دەبێت بزانین فەلسەفە بواری شیعر و ڕۆمان نییە و هێزی لۆجیک و بەڵگەهێنانەوە ناوەڕۆکەکەی پێکدەهێنێت و کەسێک کە خۆی لەقەرەی فەلسەفە دەدا لۆجیک نەزانی[لۆجیکی کۆن و نوێ] هیچ لە فەلسەفە فێر نەبووە و تووشی سەرلێشێواویی دەبێتەوە. چونکە ناوەڕۆکی فەلسەفە هێزی بەڵگەهێنانەوەی لۆجیکییە و هەموو فەیلەسووفێک بەکاری دەهێنن و ئەرکی فەلسەفەش ئەوەیە، میتۆدمەندانە پرسیاری بەردەوام و گومان لە پرسیارە کۆنەکان بکات و بە دیالۆگی بەردەوام پرسیارەکان شیبکاتەوە و کایەی مەعریفی نوێ بخولقێنێت. کەواتە لێکدانەوەی مێژووی فەلسەفە، کایە مەعریفییەکان بە خوێنەر دەناسێنێت، فێری دەکات کامە فەلسەفە زیندوو و کامە فەلسەفە بەپێی سەردەمی خۆی وەڵامی کۆمەڵێک کێشەی داوەتەوە و پرسیاریی نوێی خولقاندووە. مرۆڤ لە وەهم دەرباز دەکات. مرۆڤ فێری بیرکردنەوە

www.kurdishbookhouse.com

دەکات و هۆشیاری دەکاتەوە و کرانەوەی بیر و هۆش کۆمەڵگەی مەدەنی و پێشکەوتوو دەخولقێنێت.

این متن به صورت اختصاصی جهت انتشار در سایت خانه کتاب کُردی به نگارش درآمده است و هر نوع بازنشر آن با ذکر منبع «سایت خانه کتاب کردی مجاز می باشد.

Website: www.kurdishbookhouse.com

Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse